

شیعر
لەوی بووم
لەمالی
دلێکی تەنیا
2006



شیعر

# لەوێبووم لە ماڵی دڵێکی تەنها

شاخەوان صدیق

چاپی یەکەم

سلێمانی

2006

ناوی کتێب: لەوێبووم لە ماڵی دڵێکی تەنها

بابەت: شیعر

نووسەر: شاخەوان صدیق

تایپ: کرمانج خالید

چاپ: چاپی یەکەم

نەخشەسازی: ناوەندی دیزاینی یانەی قەڵەم

چاپخانە: چاپخانەی دلاوەر

تیراژ: 500

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان

لقی پەیمانگاکان.

لەوێبووم لەماڵ دڵێکی تەنیا...............

پێشکەشە بە:...........

بەرسیلە

ئەو کچەی کەچاوی پڕپڕە لەمیهرو عەشق و خۆشەویستی

بەڕێزە

کەهەرگیز نەیویست تێبگات

بەئێوە کەلەخوێندنەوەی ئەم وشانەدا

ماندوو ئەبن.

**لە بری پێشەکی:**

**خۆشەویستی لای جەلادەت وەك مۆسیقا بوو، وەك چۆن لە مۆسیقادا دواجار مرۆڤ نازانێت دەیەوێت بڵێت چی، لە خۆشەویستی ڕاستەقینەشدا مرۆڤ نازانێت بڵێ چی، کێشەکە هەر بێتوانای زمانو کەم قودرەتی ووشە نەبوو لە تەعبیرکردندا، بەڵکو ئەوە بوو کە دواجار خۆشەویستی ڕاستەقینە وەك مۆسیقا ئامانجێکی نیە، تەفسیرێکی نیە بۆ لێرەیەو چی دەوێت، کە توانی تێبگات چی دەوێت، لەوە دەکەوێت خۆشەویستی بێت، کەڕووخسارێکی نەگۆڕوو تەفسیرێکی کۆتایی وەرگرت ئیتر دەمرێت، خۆشەویستی ئەوەیە کە شادمانی بەبوونی ئەم مرۆڤە لەسەر زەوی، شادمانیەك کە هیچ مەبەستێکی لەپشت نیە، عاشقی ڕاستەقینە یەکێکی خۆش ناوێت لەبەرئەوەی جوانە، بەویقارە، ئەفسوناویە، بەڕەوشەتە، یان هەر سیفەتێکی بێمانی تر، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوە تەنها ڕێگەیە بیر لەهیچ غایەتێکی تر نەکاتەوە، .........**

ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلی (لا 265)

## لێم خۆشبە لەو گوناهەی کە نەمکرد

ماندوم
فرسەخێکە ڕیگا  ئەبرم و تۆشەبەرەکەی سەرشانم
پڕپڕپەتی  لەپرسیار
لیپاو لیپە لەگلەیىو گازەندە لەم سەحەرە شومەی زەمەندا وەلأمێکم
دەست نەکەوت بۆبڕوا هێنان  بە پرسیار
ماندووم
ژیان هێندە هیلاکی کردووم
فریای داخستنی نەکەوتووم بۆ ڕزگار بوون
نەمزانی
گەنیووی هەنارێك لە پای چیە
کە منالێك بە حەزەوە
لە کەنووی ئاردەکەیانا ئەیشارێتەوە بۆ زستان
تێنەگەیشتم ووشك بوونی لقەداری گۆچانێ
دەستی ئیختیارێ جگە لەمردن
چ مانایەکی تری هەیە
ماندووم
بوومەتە ڕێبوارێکی گەڕۆك بەم سەرە ماش و برنجیەمەوە
ژیان هێندە فێرە پرسیاری کردم
ئەزبەرکردنی ئایەتەکانی عەشق و

خوێندنەوەی نامەی مەعشووقەکەم بیر چۆتەوە
ماندووم
بەهێندەی ماندووبوونی ڕۆشتن و نەوەستانی دەریا

هیلاکم بە ئەندازەی پیاکێشانی بارانی بەخوڕی شەوێکی زستانی
بەر پەنجەرەی ژوورەکەم
لەم گەڕانەمدا
ژیان هێندەی پیری ماندووی کردم و
پێی نەوتم
کات نەهێنی نەبڕاوەی شەو ڕۆژە بۆ مردن
ئەو دەمەی لەبەردەم

ڕۆژژمێرەکەتا ڕائەوەستی
بەرلەوەی خەتێکی لێبدەی
کاتژمێرەکەت زەنگی ڕۆشتنی تەمەنت لێئەدا
ماندوم لە پیری
ماندووم لە گەڕان وپرسیار
شەکەتم لە ژیان و مردن
ئەو کە کتێبەکانی فێربوونی ژیانی ئەخوێدەوە
من پێم ئەوت ژیان لە خانووی بەردینی
ماڵە باجێنەی نێوان دوو منالْ ئەچێ
کە لە عەسرێکی پاییزدا بایەکی سەرشێت دێت و دەیڕۆخێنێ
من کە داستانەکانی مۆمیای نەمریم ئەخوێندەوە
ئەو پێی ووتم
مردن لە کەوتنە خوارەوەی بتڵە شەرابی سەر دەستی
ساقیەك ئەچێت کە پاش شکانی مەستێك ئاە بۆ ڕژانی هەڵئەکێشێت
ئاخ
من و تۆ چەندە تامەزرۆین بە ژیان
ژیانیش چەندە بێ باکە لەکردنە دیارمان بۆ مردن

کچێك ئەمرێ
کەسێك نیە لە ووشك بوونی ئەو باخە لیمۆیانە بپرسێ
من بێئاگا لەو منالآنە ئەڕوانم
کەلە بەرائەتەوە وازی ئەکەن

نازانم بۆ هەمیشە
فیك و فاك لای ئەوان هەر کۆیە
هێندە بەسە
لە پای چی ئەم هەموو گەڕانە
لەپای چی ئەم هەموو گومانە
لە پای چی ئەم هەموو تاوانە یان
ژیانیش چەندە بێ باکە لەکردنە دیارمان بۆ مردن
کچێك ئەمرێ
کەسێك نیە لە ووشك بوونی ئەو باخە لیمۆیانە بپرسێ
من بێئاگا لەو منالآنە ئەڕوانم
کەلە بەرائەتەوە وازی ئەکەن
نازانم بۆ هەمیشە
فیك و فاك لای ئەوان هەر کۆیە

هێندە بەسە
لە پای چی ئەم هەموو گەڕانە
لەپای چی ئەم هەموو گومانە
لە پای چی ئەم هەموو تاوانە
تاوانە گەڕان بەدوای حەقیقەتا
حەقیقەت هیچێتیە لە شێتیدا

هەڵوەرینی گوڵە لە بەردەم سەوزایی باخچەدا
تاوانە سەوز بوونی ئەم پاتۆنیانە
لە قوتوی ژەنگاویا
گوناهە سەماکردن لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری دەم بەیانیان
گوناهە هەڵمژینی بۆنی گوڵێك لە کاتی سوڕی مانگانەدا

دەبم بەخشە
لەوەی سێوخواردن بە حەرام ئەزانم
هۆی بەدبەختی من خواردنی سێوێکە لە فیردەوس
ڕشتنی خوێنێکە لە خۆڕا
لێم خۆشبە لێم خۆشبە
دەبوو من پێناسەم بۆژیان نەکردبا
بۆ عەشقت ئەم گەمە ماتماتیکیەم نەکردبا
بم بوورە
لەگەڕان بەدوای ژیاندا
لە ماندوبوون بەدوای حەقیقەت و تۆدا
لە داگیرسانی چراکەم لەبەردەم
ڕووناکی و جوانی تۆدا
بمبەخشە ڕەنگە مردن لێنەگەڕێ
جارێکی تر ماندووبم بەشوێنتا

## چاویلکەیەك لەو دیوو پەنجەرەکەوە بەشەرمەوە لێم ئەڕوانێ

ئای
لە کزە بای ساردی ئەو پەنجەرەیەی
کەمنداڵ بووم لەو دیووە دائەنیشتم و
لە ڕووناکی گڵۆپەکاندا یەك ئەستێرەکانم دەژمارد
داخ لە
قڕە لاسارەکانی گەڕەك و
دەنگی ڕادیویەکەی باوکم
کە گشت جارێك لێیان هەڵە ئەکردم و
پەلکێشی ناو ژوورەکەمیان دەکردمەوە
وای لەو دەمەی
لە دەلاقەی ئەم پەنجەرەیەوە
ڕوناکیم ئەگرتە
تاریکی ژوورەکەتان
کەچی ئەو لە تیشکەکانیدا
ترس و گەورەبوون دابڕان و پیری نیشان ئەدا
هەر ئەو دەمە
ترس سەراپای ژیانمی داگریرکردبوو
شەوانە دەستی لە گەردنم دەنا
ترس لە ڕەشێتی ڕەنگی چاویلکەکەت و
لەو گیرە سورەی دابووت لە سەرپۆشەکەت و
لەو کچە عەیارانەی هاوڕێیەتیت دەکردن

ترس لە گەورەبوون و لە تەنیاییەکانی خۆم و بینەکانی تۆ
ترس لە ژیان و پەنجەرەکەم
ترس لە ترس و لە ترس
وەلێ کیژێ
تۆ بێئاگا دوای پەپولە باڵ نەخشینەکان دەکەوتیت و
منالآنە لە لێکردنەوەی باڵەکانی خۆشت ئەهات
شێتانە
لە تەنیای باخچەکەدا پەڕەی گوڵەکانت ئەوەراند و
وەك ڤاڵچیەکی بەتوانا دەتتەڤاند و
ڤاڵت بۆ بەختەوەری خۆت پێئەگرتەوە
تۆ هەر وابوویت
پاش دۆڕاندنی گەمەکان
بەنازەوە بەسەرمدا ئەگریایت و بەدت لە پەنجەرەکەمان ئەگرت
ئەتزانی لەوێوە بەیانیان
هەنگاوەکانت ئەژمێرم
کە گەورەش بوویت
بە چاویلکەیەك تەلیسمە سیحراویەکانی نیگات لێشاردمەوە
بەشەرمەوە پێت ئەوتم گوزەشت ڕۆژەکانی منالی
ئای لە بەیانیە ساردەکانی زستان
کە لەگەڵ گلۆپەکانی باراندا تێکەڵ ئەبووین و بەناخی
زەویەکەدا ئەچووینە خوارێ
لە نیوەڕۆیەکی بەهاردا لە چرۆی دار ئەرخەوانێکا
ئەکەوتینە خوار
ئای لە عەسرانی هاوینی بەر پەنجەرەکەم
کە بەگەڵای دارەکان تەمەنی هەردووکمانم ئەژمارد

ئەوانیش هێمن هێمن ئەکەوتنە خوار
ئای لە ئێوارانی پایزی بەر پەنجەرەکەم
که چەند بەتاسەوە گوێم لە گۆرانیەکانی ڕەشەبا و
گریانی دار هەناری باخچەکەمان ئەگرت
تۆ هەر وابوویت
کە ئەهاتیتە ژوورەکەم
بە عیشوەوە پێت ئەوتم
چەندە قەدەرێکی سەیرە
پەنجەرەکەت دووتاکیەو

دوو وێنەشت هەڵواسیوە
ژوورەکەشت دوو دەرگا لەسەر بۆ چوونە دەرەوە
سەیرە کیژێ ژیان سەیرە
منالی وە گەورەبوون و پەنجەرەو عەشق و ژیان
عەیامێکە من لە نێو ئەم گەمە بێماناییانەدا دەژیم
دۆزەخ پەرست
دە پەردەی سەر پەنجەرەکەت لادەو

تاوێ چاویلکەکەت فڕێدە و
بەچاوەکانی منالێتەوە لە گەورە بوونەکانم بڕوانەو
باڵی شکاوی ئەو پەپولانەم بدەرێ
کە لە منالێتا بێ باکانە لێت دەکردەوە
ئەرێ کیژێ بەبیرت دێت
کە منال بووین
هەموو جارێ بەهێندەی دڵۆپەکانی باران

بۆسەر شۆستەکانی شار
بەیەکمانا ئەداو
هەردووکمان ئەگریاین و
ساویلکانە لە دوایشدا
وەك دوو کەسی مەنوون بەیەك دەهاتینەوە بۆلای یەکتر
ئای چەندە مناڵێکی سەر کەش بووین
من بووکە شووشەکەتم ئەفڕان
تۆ ئەگریای
من لە دەلاقەی پەنجەرەکەوە پیشانم ئەدای
بەخۆم ئەوت چەندە ئازام
نەمئەزانی ڕۆژێ ئەبێ کە گەورەبین
ئێستا تۆ دڵی منت فڕاندوە
لە پەنجەرەکەتانەوە
سەحەران کە ڕوخسارتم پیشان ئەدەی
من هەموو کاتێك بۆت ئەگریم
بۆیە ئێستا تێدەگەم کیژێ
تۆ لە نێوان مناڵی و گەورەبوونما
ئێستا و ئەوساش چەندە ئازای

## دوو ڕۆژ بەر لە پیربوون

ژیان بێمانایە چونکە مەرگ کۆتایی دیاری ئەکات
سارتەر
ژیان
تۆ بەم هەموو بێمانایانەتەوە
من میهرەبانتر لە بارن دێم و
دڵۆپ دڵۆپ
ئەبارێم و دڵی ڕەقترین خاکت تەڕئەکەم
بە ئەسپایی
ئەگەڕێمەوە ناو پاکێتی منالێم و
یادەوەریم ئەبەخشمە بەوکۆلانەی
عەجولانە نەمتوانی کڕوگالێکی بۆ خۆزگەکانم
تیا بکەم

کە هاتم پرچ ڕەشتر بووم لە شەرابی
ناو پێکەکەی دەستی باوکم
ژیان هێندە زوو بەڕێی کردم فریای ووتنی گۆرانەیەکە نەکەوتم بەتەنیایی
چوون کلوی بەفر سپی سپی
بەوێنەی خەوی زڕاووی چاوی منالێك
لە سپێدەی دەم بەیانا
چوومەوە لە پیری
ئەو کە ئەیویست تۆشەبەرەکەی
سەر شانم بێت لە سەفەرەما

شێتانە بەم گەمەی پیریەی من پێئەکەنیۆ
سەمای لەبەردەم بارانا ئەکرد
ئەو کەئەیوسیت مناڵیم بە باران بنووسێتەوە
من نەزانانە تەڕتەڕ ئەبووم و ئەخوسام و بەرگەم نەدەگرت
من پێم ووت
ژیان قەدەرێکە ئەمانباتەوە سەر وێزگەکانی مردن
شەرمنمان ئەکات لەبەردەم دەرگاکانی پێکەنینا
فێرمان ئەکات نەترسین بوون و نەبوونمان
جگە لە ئارەزوویەکی سەیر
بۆ ئازاردان چی ترە
ئارەزوویەك بە هێندەی
عاشقێك هەیەتی بۆ بڕاندنی نامەی مەعشووقەکەی

ئەوندەی مناڵێك هەیەتی بۆ وەراندنی پەڕەکانی گوڵێك
دایکێك هەیەتی بۆ توون کردنی دەمی مناڵەکەی
لە کاتی بڕانەوە لە شیری مەمکەکانی
ئێمە چەند نەفامانا هاتین و
چەندەش خێرا وانەکانی گەورەبوونیان فێرکردین
ئاخمە بۆ دواجار بمرم لە مناڵیمەوە
هاتم پاش باوکم
ببمە باخەوانی باخچەی ماڵەکەمان. کە چی نەبووم
هاتم ئەو تابلۆیە تەواو بکەمە کە دەمێك بوو بە سکێچی مابوویەوە
کەچی نەمکرد
دەبوو ئاوازی ئەو گۆرانیانە بڵێم کە نەووترابوون کەچی نەمووت
هەر هێندەوە بەس پیریم هاتوو

پاش سەفەری گۆچان و سەبیلەیەکی بەدیاری بۆ بەجێهێشتم
وەك سمۆرەیەکی شەکەت
نەمتوانی دووگوێز لە یادەوەری هەڵگرم بۆ پاڵ ئاگردانی شەوێکی زستان
ئاه چ خۆ سەرقاڵکردنێکە بە هیچەوە ژیان
چگەمەیەکی شێتانەیە مناڵی
چ بێمانایییەکی گەورەیە پیریو مردن
حەزمە بۆتەنها جارێك مناڵیم لەخەوێکدا ببینم
سلاوێکی لێبکەم ولاسارانە کۆسەڵیەك لەوڕۆژانە بکەم کەهی خۆم بوون ونەی دامێ
بەباز بازێنەوە بیبەمەوە بەردەرگای ماڵی دادەو
پەرداخێك لەو دۆیە بخۆمەوە کە بەهۆی ڕژانیەوە فێری خوێنەو نوسینی کردم
فێری کردم کەژیان جگە لە دەست نوسی ڕۆمانی نوسەرێکی بێزار زیاتر هیچی تر نیە
ئەو دەمەی مرۆڤ تێ یدا ئاشق ئەبێت و
بەرلەگەیشتن بەمەعشوقەکەی فەتا ئەبێت لەناوخۆیا لەخەریبی
من لە خوێندنەوەی کتێبەکانەوە فێربووم
پیری خیانەتێکە خودا لە چارەنووسمان ئەکات

لە ئەزبەر کردنی شیعرێکەوە تێگەیشتم
کە مناڵی پەپولەیەکی سپی و
ڕەنگێکی سپی و تابلۆیەکی سپی و بەفرێکی سپی زیاتر نیە
دەپاڕێمەوە خودایە
لە مناڵیما ئەو ڕەنگە سپیەت نەدامێ
لە پیریمدا بیبەخشەرەوە بە پرچە ڕەشە درێژەکانم و

سپی سپیان بکەرەوە
بە میسلی ئەو قومە شیرەی یەکەمین جار لە
مەمکی دایکما خواردم بۆ ژیان

## پیاسەیەك و تەنها بەس

چاوت بشۆ دنیا بە جۆرێکی کە ببینە
سوهراب
بەپیاسەیەك و جێهێشتنی شەقامێك و ڕوانینێك
بێزار بووم و
تفم لە دووبارە بوونەوەکانت ئەکرد ئەی ژیان
هەموو ڕۆژەکانت
تێپەڕین و من جگە لە سەیر کردنی کاتژمێر و
دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوام زیاتر هیچی ترم نەدی
تۆ دێیت و تێئەپەڕی
من فێر نابم بەیانیان سەیری خۆر بکەم
کە هەڵدێ
نازانم سەیری ئاسمان بکەم و لە هەور تابلۆیەك
بۆ خۆزگەکانم بکێشم
جورئەت ناکەم
شەوێك بچمە سەر کانی و مانگ لە ناو چەووی سەر ڕووی ئاوەکەیدا بشکێنم
چوون دووبارە نابیتەوە
من کە لە پیاسەکردنمدا
پەلی درەختەکان دەشکێنم و ناتوانم لە گوڵێك وورد ببمەوە
پێی بڵێم تۆ زۆر جوانی
عاتەتم نەکردوە لە پیاسەی پارکێکی گشتیدا

بە پێکەنینەوە سڵاو لە ڕێبوارانی بن سێبەری دارەکان بکەم و
وێنەیەکە لە تەك
مناڵەکانی ناویا بگرم بۆ یادگاری
چۆن دووبارە نابیتەوە
من کە هەست بە گۆڕانی ڕەنگەکانی سروشت ناکەم
نازانم لەبەردەم بارانا پیاسە بکەم
بە سپێتی بەفر شێرە بەفرینەی ئاواتەکانم دروست بکەم
چۆن هەست بە گۆڕانەکانت بکەم
ئەی ژیان تۆ تێئەپەڕیی
من شەربەتێکم لەو پرتەقاڵە نەخواردەوە کە کردبووتە دیاریمان
جگەرەیەکت داگیرسان و
دوکەڵم کرد و چایەکی تاڵم لە خەفەتا خواردەوە
هەستم بەخۆشیەکانی تۆ نەکرد
قەد نەچوومە سەر دەریاو لە جوانی سورە ماسی وورد نەبوومەوە
گوێم لەدەنگی ئاو نەگرت
تفم کردوو ڕشامەو و ووتم هەموو شتێك دووبارەیە
خودایە بم بەخشە کە ناشوکرم
من دەزانم تۆ هێندە میهرەبانی
بۆئەوەی هەست بەدووبارە بوونەوە نەکەم
تۆ بارانت لەسەر شێوەی فرمێسکەکانی چاووم دروست کردو
من بێ ئاگا چەترێکی ڕەشم هەڵداو گوێم پێنەدا
چەندە نەزان بووم ئەو دەمەی تۆ
مەمکت لەسەر شێوەی خڕێتی هەنار و پڕتەقاڵ دروست کردو
من کە نەمتوانی بەحەزەوە دەستیان بۆ بەرم

کاڵ فامانە لەسەری  نووسیم حەرامە
ئەی خودا دەزانم چەندە بەخشندەی
تا من لە دووبارە بونەوە بێزار نەبم
گوڵت لە سەر شێوەی ڕوخساری کچ دروست کردو
من نەمتوانی وەك ڕۆمانسیترین کەس

لە کاتی بۆن کردنا ماچی بکەم لێم کردەوە بەحەزەوە پەڕەکانیم هەڵوەران
ئەی خودا بۆئەوەی هەست بەدووبارە بوونەوەی
پرچی یارەکەم نەکەم
پەرچەمی درێژت دایە شۆڕەبی
من کەنەمتوانی لەژێر سێبەرەکەیدا
پشوویەك دوای ماندووبوونەکانم بدەم
بڕیمەوە وتابووتم لێم دروست کردوو
ووتم ژیان دووبارەیە
بۆئەوەی هەست بەدووبارە بوونەوەی
لقە ووشکەکانی دار توونەکەم لە پاییزا
شاخت دایە ئاسکە کێوی
من نەمتوانی لەو حیکەمەتە تێبگەم و
تەفسیرێك بۆ ئەو جوانیە بکەم
سەرم بڕی و چەقۆم لێم دروست کردو
بۆ تاوان بەکارم هێنا
ئەی خودا ئەزانم چەندە میهرەبانی
بۆ ڕزگاربوون لەم بێزاریە
وەحیت ناردوو

فەرمووت من لە پەنا گوێتام
کەچی من ماڵم بۆ جیاکردیتەوە
دڵڕەقانە لە بەرد بۆم دروست کردیت
نەزانانە هەموو ڕۆژێك سوجدەم بۆ برد
ئەی خودا بۆئەوەی هەست بەدووبارە بوونەوەی
ڕەشێتی چاووی خۆم و دایکم و یارەکەم نەکەم
تۆ ڕەشێتیت دایە ترێ
ڕێك وەك و چاو دروستت کرد
من کردمە شەراب و تامەست بوون
هەڵمدا و فڕم کردوو ڕشامەوەو
ووتم ئاو خواردنەوەی هەموو ڕۆژێك دووبارەیە
چ دووبارەیە ژیان
کە خۆت دووبارە بیتەوە و
نەتوانیت لە حیکەمەتی ڕۆژێکی نوێ تێبگەی
سەیر کەیت و هەموو بینینەکانت وەك یەکەم جار بێت
ئیلاهی دەبم بەخشە لەم هەموو گلەیانەم
فێرم بکە چێژ لە مۆسیقا وەربگرم
عاشقم بکە تا ڕێز لە مێروله بگرم
وام لێبکە لەبەردەم گوڵێکدا بنووشتێمەوە
چەند نەزانم کەناتوانم لە تۆ تێبگەم
ئەیخودا
شەوێك بێم و بەدەم داکرمانی گوڵەبەڕۆژەوە لە
باخچەیەکدا لەلاتەوە ڕاکشێم و درووود بۆ جوانی مانگەکەت بنێرم
دەبم بەخشە
لەوەی ڕێزم لە درووست کراوەکانت نەگرت

نەمتوانی چێژ لە بۆنی یاسەمین و
جوانی گوڵە لاولاو وەرگرم
لوت بەرزانە
عەترم درووست كردو چیمەنم تۆراند
بۆنی باخچەم تێكدا و
پەپولەكانم لە بۆن خست
ئەی خودا
كەو بەو هەموو دەنگ خۆشیەوە لە قەفەزا دیل كرد و
مرۆڤم سەر بڕی
بەناوی تۆوە هەزاران درۆم كرد
پیاسەیەك و تەنها بەس
بڕوانەوە و سەیركە و ببینەنە
بۆئەوەی لە جوانیەكانی ژیان تێبگەیت
دەپاڕێمەوە ئەی خودا
بۆ ئەوەی هەست بەدووبارە بوونەوە نەكەم

لە گەورەی تۆ و لە جوانی گەردن تێبگەم
دڵم پڕ بكە لە ژیان
لە میهری خۆت لە ناسكی
لە نوور لە عەشق
هەڵمكێشە لە ئینسان دۆستی و فێرم كە چۆن ببینم
چوونەكە دڵنیام ڕۆژێك دێت
بەرلەوەی بیر لە دووبارەبوونەوەی
خەوتن و هەستانی بەیانیان بكەمەوە
خەونەكانم بۆ ئاوی بەلوعە بگێڕمەوە

ئیدی دڵم ئەوەستێ و
بۆیەك جاری ئەمرم
لەسەر پەڕۆیەکی ڕەش بەدیواری ماڵەکەمانەوە ئەنووسرێ
هەرگیز دووبارە ناگەڕێتەوە بۆ ژیان

## وەرزێك بەر لەماڵئاوایی

وەرزێك دێت و
بێ دەنگ بێدەنگ بەشەقامەکانی شاردا دەڕواو
پاش خۆی گڵۆپی سەر شەقامەکان ئەشکێنێ
چ وەرزێکە بەبێدەنگیەکانی ئەمکوژێ و
لێناگەڕێ وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە
من لێرە بەدوا
قرخن قرخن بەدوای هەناسە ساردەکانی
ئەم وەرزە دا دەڕۆم
تا دەگەمە نەهێنی ئەو پرسیارە ماتماتیکی کە
هەموو ژیان یەکسان دەکات بەمەرگ
ئەمە چ وەرزێکی پیرە

پیرە بەهێندەی کلاو گۆچانەکەی باپیرم و
ڕەنگی بەڕەنگی پرچە سپیەکانی دایکم ئەچێ
بەسەر و ڕیشە ماش و برنجیەکەوە دێت و
فێری وانەکانی یاخی بوونم ئەکا
برادەر ئەم وەرزە خۆی یاخیە
یاخیە بە هێندەی گڤە گڤی باو دەیەوێت هەڵبێت لەدەست مەعشوقەکەی
من دەمەوێت لەم وەرزەدا عاشق بم
عاشق دەبم و بە گومانیشەوە لە عاشقێتی خۆم دەڕوانم
ئەم وەرزە

بەکەنیشکە لادێیەکی عەیار دەچێ
پرچ درێژەو نەهێنی چەندین پرسیاری
لە ژێر تاڵی پرچەکانی حەشارداوە
دەنا بۆچی
بەرلەوەی لە کانی‌یەو بێتەوە
ئاوێنە بچوکەکەی گیرفانی شانەی شکاوەکەی ناو دەستی
بەکەڵەکە بەردی چواردەوری کانیەکە دەسپێرێ
برادەر ئەمە چ وەرزێکە
لە چاویدا تورەبوون و لە هەنسکیدا قەسیدەو
لە فرمێسکیدا پرسیارەو
شەو هاورێ بێزارەکەم هاتوو بە چرپە پێی ووتم
وەرزیەخان ڕۆیشت بەر لە ڕۆشتن
نامەیەکی بەشیری گەلا هەنجیرا بۆ نوسیت
بە تەرزی گوڵە لاولاوێکا
بۆی ناردووی
لێی نووسیوە هاورێ دەڕۆم
حەقیقەتێك هەیە لە ژیان شیرین ترە و
پیریەك هەیە لە مردن سەخت ترە
بەڵام من دەمویست کە نەمرم
کەچی کاتژمێرەکانی تەمەنم بێئاگا زەنگی دواساتی ژیامنیان لێئەدا
برادەر من لە نەهێنیە شێتەکانی ئەم وەرزە تێناگەم
زوو زوو دێت و
لەگەڵ ئاو گوڵ و هەنگ و شیعرا ئەدوێ
کەچی لەگەڵ منا نادوێ

دێت و شار و عەشق سۆز و جوانی و عاشق لەگەڵ خۆیدا ئەبا و
کەچی من بەتەنیا جێدێڵێ
ئەمە چ وەرزێکی بێدەنگە
نەهاوین و نەپایز و نە زستان و نەبەهارە
ئیدی من گەمەم لەسەر تەختی نمایشی ئەم وەرزە کەڕوڵاڵە پێناکرێ
دەڕم و ئەم مەملەکەتە بێدەنگە جێدەهێڵم
دوای منیش گوڵێك بڕیاری داوە پەڕەکانی لێبکاتەوە
پەپولەیەك واز لە فڕین دێنێ و
شاعیرێك قەڵەمەکەی خۆی دەشکێنێ و
دار هەنارێکی پرچ سەوزیش بڕیاری داوە خۆی بسوتێنێ
دە وەرزەکە بەر لەوەی ماڵئاوایم لێبکەیت و
تورەبوونی خۆتم بەسەردا ببارێنیتی و
لە تاریکیدا بم کوژی
لێم گەڕێ با ئەم شەو
لە حیکەمەتی بێدەنگیەکانی تۆ بگەم

## ئێوارەیەك بەرلەوەی بمرم

عەسرێك
بەدەم سەماکردنەوە خەیاڵم ئەڕواو
لە ئێوارەیەکی پیردا بە ئاگادێت
ئێوارەیەك کە تێیدا یەکەم
کیژۆڵەم ناسی و یەکەم ژووان یەکەم ماچ و یەکەم شیعرم تێدا نووسی
هەر لە ئێوارەشدا
یەکەم خەم و دووەم ژان و سێیەم دابڕام بینی
ئێستا ئێواران تەنها موڵکی منە
ئەو کەشکۆڵی گشت یادەوریەکانمەو
وەك مناڵێکی عەجوول دێت و
دەمباتەوە بۆ ناو هەموو ئەو وێنانەی کە لە ئێواردا گرتمان
من کە ئێوارە دادێ بێدەنگی ئەهۆنمەوە و
هێمن هێمن ڕووە کۆڵانەکانی یادەوەری مناڵیم ئەکەومە ڕێ
لەوێدا هەموو شتەکان جوانن
پەپولە شەرم لە ناسکی ووشەکان دەکا و
گوڵ زەماوەند لەگەڵ باخەوانەکەیدا دەکات و
گوڵبەڕۆژەش بەیانیان خۆی بۆ تیشکی خۆر ڕووت دەکاتەوە
بەڵام هاوڕێ
ئێوارەیەکی دی دێت و
من هەناسەکانم تێیدا تاڵن
تاڵن هێندەی ئەو چایانەی کە ئێواران
لە خەمی دووری ئەوا ئەمخواردنەوە
من ئێوارانم خۆشدەوێ

بەهێندەی خۆشەویستیشم لێی ئەترسم
ئەو لە مێژووی یادەورەیەکانی منا پیرۆزەو
بەهێندەی پیرۆزیەکەشی قێزەون
بۆیە دڵنیام لە ئێوارەیەکا ئەمرم
دەمرم و
مەرگ مۆڵەتم نادا ئەو تابلۆیە تەواو بکەم
کە دەبوو بە قەڵەمی سوراوەکەی ئەو کێشابام
لێناگەڕێ ئەو چیرۆکە تەواو بکەم
کە دەبوو بۆ ئەوم گێڕابایەتەوە
ئەمرم و کۆتایی بەو خەت خەتێنانە دێ
کەلەبەر دەرگای ماڵی ئەواندا ئەمانکرد
ئەمرم و جارێکی تر مەرگ مۆڵەتم نادات
بچمەوە چاخانەی سەهۆڵەکەو
بەدەم خواردنەوەی چایەکەوە
نەفەسێك لە جگەرەکەم بدەم
من دڵنیام کاتێك ئەمرم
کۆتایی بە هەموو ئەو خەونانەم دێ
کە لە ئێوارەیەکا دیمن و
فریای تەفسیر کردنیان نەکەوتم

## ئەم شارە بۆنی سێوی لێدێ

شار تاریکە
بەڵام لە تاریکی ناترسێ
پێدەچێ

ئەم شەو کۆترە دڵشکاوەکان لە بری شەمشەمەکوێرەکان ئێشك گربن
شار ئارامە
ماڵێکە لە بێدەنگی
بێدەنگە و لە بێدەنگیخۆی ڕاماوە
بێدەنگە و خۆی خۆزگە بەخۆی دەبا
شار تەنهایە
پڕ پڕە لە خەیاڵ
لێوان لێوە لە درۆ و سیحر

خەیاڵێك زەردەو درۆیەك نارنجیەو سیحرێك ئەرخەوانیە
شار تەنهایەو تاو ناتاوێك باسی تەنها خۆی
بۆ ئەستێرە ڕێبوارەکان دەکات
پێدەچێت شارنشینەکانی ئێرە
لەزەماوەندی گواستنەوەی کچە ڕەبەندێکی کۆچەر بن
یان لێرەن و لەبەردەم ئاگردانی سوچی ماڵێکدا بێدەنگن و
گوێبیستی چیرۆکی شەولەبان و
شارماندوە
دەیەوێت سەرخەوێکی ماندوێتی
لە جەستەی هەلا هەلای خاکدا بشکێنێ
من نەشارەزایانە ڕێم کەوتۆتە ئەم شارە
وێڵم بەدوای سێبەرەکەما ئەگەڕێم
ئای دایەگیان
ئەم شارە نامۆنیە بەمن
گلۆپەکانی لە چاووی یارەکەم دەچێ
بەرزی سنەوبەرەکانی لە باڵای مەعشووقەکەم دەچێ

بۆنی گوڵە باخەکانی
لە بۆنی گوڵای سەرسنگی عاشقەکەم دەچێ
من پێشتریش ئەم شارەم دیوە
شەوێك لە خەومدا

داپیرە هات و دەستی گرتم و بەناو شەقامەکانی ئەم شارەدا ئەیگێڕام
ئێستا من و شار هاوڕێین
شار بێدەنگە و دەیەوێ
گوێی لە ئاوازی موزیکی ئەستێرەکان و
گۆرانی پڕ بەسەرهاتی بۆقەکان بێت
بەڵام دایە
من دەمەوێ لە دەرگای ماڵەکانی ئەم شارە بدەم
تا باخەوانە ڕاستەقینەکەی باخی میر ئەدۆزمەوە
دەمەوێت هەنارێکم لەو باخە پێببەخشێ و
لە کانی عاشقانا باسی بێدەنگی شارم بۆ بکا
ئای دایەگیان
ئەو ڕەوە پەپولانە بۆکوێ ئەچن
بۆچی ئەم شارە جێدێڵن
دەبێت شار لە تاو کۆچی ئەوان بێدەنگ نەبێ
نا وانیە
من جارێکی تریش ئەم شارەم دیوە
دیومەو بەناویدا تێپەڕیووم
بەدەنگی دەفی سۆفیان و زیکری دەروێشاو
لایلایەی پیرە چنارەکان و
هۆرەی دار قەزوانەکانی وە سەمام کردوە

سەمام کردوە تا گەیشتوومەتە کانی عاشقان و
گوێم لە ژوانی دوو عاشقی ئەم شارە ڕاگرتووە
شارە بێدەنگە و منیش دەمەوێت لە ئامێزیا تێرتێر بنووم
نا نا نانووم
ئای دایەگیان چ خەوێك بوو دیم
شارم بینی مردبوو
مردبوو گۆڕی بۆخۆی هەڵکەندبوو
لەگەڵ پێنج هەزار گوڵا لە پرسەی مەرگی خۆیا
دانیشتبوو
نا نا نانووم
ئیدی گومان لە تاریکی شار و بێدەنگی شار دەکەم
شار هاتوو بە چرپە پێی ووتم تینوومە
من و شار هەردووکمان تینوومانە
تینوومانە و دەمانەوێ لە کانی قولگەدا ئاو بخۆینەوە
توخوا دایە عەیامێکە نەمانخواردۆتەوە

ئەها دایە لە بری باران سێو باریوە
پێدەچێت ئەم شارە ناوی مەمەلەکەتی سێو بێت
نا نا کوڕم
ئێرە شاری هەڵەبجەیە
لە بەهاری هەشتاو هەشتا هەڵەبجە تینووی بوو
تینووبوو داوای ئاوی دەکرد
لەبری ئاوو سێویان دایەو
پێیان ووت

ئەوا یەکە سێو

ئەوا دوو سێو

ئەوا سێ سێو

سێوی دیت دەوێ

هەڵەبجە هاواری کرد

نا  نا بەسە خنکام

## فرمێسکە کریستاڵییەکان

هەنگاو بنێ

خاکێك تامەزرۆیە تۆ بەسەریا برۆی

هەناسەبە ئەم شەو چراکان بێ نازی تۆ ئیش ناکەن

چ ئەسەفێکە

تۆ بیت و گریانم بە دیاری بۆ بێنی

لە پێکەنینەکانی تۆ و لە گریانەکانی خۆشم تێناگەم

من گریام لە پێناو پێکەنینەکانی تۆ

تۆ پێکەنیت لە پێناو گریانەکانی من

ئەمێستا

لە بەسەرهاتی ئەفسانەی ڕازی عەشقەدا

زەمەن بەسەر سامیە وە لێمان ئەڕوانێ و

کاتژمێرەکانیش گاڵتەمان پێدەکەن

من تێناگەم بۆچی پیاسەدەکەیت بەناو دەشتە کاکی بەکاکییەکەی دڵماو

شوێن پێکانت ئەسڕیتەوە

چ نەهێنیەکت بۆ دەریا گێڕایەوە و

کاتژمێرەکانیش گاڵتەمان پێدەکەن

من تێناگەم بۆچی پیاسەدەکەیت بەناو دەشتە کاکی بەکاکییەکەی دڵماو

شوێن پێکانت ئەسڕیتەوە

چ نەهێنیەکت بۆ دەریا گێڕایەوە

وا شەپۆلەکانی بەتاشە بەردەکانا ئەیا

من لە زیکری دەروێشانی تەریقەتا پاڕامەوە بۆتۆ

تۆ لە دانیشتنی پێکی مەیخۆرەکانا نزات لەمن کرد

بۆیە منیش بە خۆشەویستیەوە پێم ووتی

نەفرەتت لێبێت ئەی دڵ ڕەق ترین یاری دنیا و
بەناچاری لە دادگاییەکانی عەشقا
لەبەردەم خوای خۆشەویستیدا شکاتم لێکردی
دە ئێستاکە وەرە ببینە
وا فریشتەکان بۆمن ئەگرین و
ئەهریمەنەکانیش بەتۆ پێدەکەنن
من گریان لە پێناوی هیچا
تۆ پێکەنیت لە پێناوی منا
ئێستا بڕۆ
دەنگی قاقای پێکەنینەکانت لەم مەملەکەتە بێنازەی دڵما جێبهێڵە
با منیش ئەم شەو لەگەڵ فرمێسکە کریستاڵەیەکانمدا دەست لە ملان بم

## ئەی ناسکتر

ئەی ناسکتر
ناسکی خۆت لەدەست مەدە
بەبیرت دێت پێت دەوتم
لەسەر خۆبە لەکاتی ماچ کردنمدا
نەبا لەگەڵ تەڕی لێوەکانتا
هەڵوەرێم
لێم زیز مەبە
ئەی جوانترین
بەبیرت دێت پێت دەووتم
من هێندە بزە لەسەر لێوەکانمە
ڕۆژێك بەدەم پێکەنینەوە دەمرم
ئەی کا فرۆش
ئەو ئێوارەیەی من لەسەر شەقامەکەدا

چاوەڕێم دەکردی
تۆ بێئاگا گوێت بۆ ڕازی ئەو پیرێژنە ڤاڵچیە ڕاگرتبوو
کە بەدەم سەیر کردنی
فنجانی قاوەکەیەوە
چاوەکانتی ئەکردە خەو
ئەی گوڵ فرۆش
یەکەم جار کە گوڵەکەت دامێ
پەنجەم چەقی بەدڕکەکەیدا و
خوێنم تێکەڵ بە سووری گوڵە باخەکە بوو
زاهیدانە زانیم لەگەڵ کەسێکی تردا
ئەچیتە کەژاوەی بووکێنیەوە و
بۆمن نابی
بەیانیەك باوکم دەیووت
لە خەومدا سەرچۆپی زەماوەندم بۆ گرتبووی
دایکم گریا منت بمرم
ئەڵێن خەو پێچەوانەیە

# ئەی یار

بەیانی
ئەی خۆشترین ساتەوەختەکانی ڕۆح
بڕوانە وا خۆر هاتووە و بە تیشکەکانی پێمان دەڵێ
وەرن
با لە پەنجەرە کریستاڵەییەکانی ژوورەکەی یارەوە بڕۆینەو ژووری و
سەمایەك لەگەڵ خۆزگە بێکۆتاییەکانیدا بکەین و
تێکەڵ بە خەونە ئەرخەوانەییەکانی ببین و
پێی بڵێین بەیانیت باش
ئەی یار
هەستە بە ئاوڕنگی بەیانی دەمووچاووت بشۆ
بەچەنجەکانی من پرچە زەردەکانت شانەکە و
جلەتەنکەکانی پەپولە لەبەر بکە
ئەی نوور
تۆ پارچەیەکیت لە جوانی یار
ئەی یار
تۆ پارچەیەکیت لە ناز
هەستە با سەفەر بکەین و بڕۆین
تا دەگەینە دوورگەی پەپولەکان
لەبەردەم کوخەکانی بارانا
لە ئێوارەیەکی ڕۆمانسیا ڕووت بینەوە
ئەی یار وەرە با هەناسەمان تێکەڵ بکەین و

بەبەرچاووی مانگەوە بیکەینە زەماوەندی بەیەك گەیشتنی ڕۆح و جەستە
تا لە ئامێزی یەکا ئەتووێینەوە
ئەوساش دەبینەوە بەهەڵم و
بەرز دەبینەوە بۆ باوەشی ئاسمان و
بەحەزەوە دەبینەوە بە باران
هەموو کەلەپچە لە زێڕ درووست کراوەکان دەشکێنین و
بۆ دواجاریش
دەبارێینەوە سەر ئەو خاکەی کە یەکەم جار
پارچەکانی من و تۆی لێدروست بوو
ئەی یار

## ئەوخەیاڵانەی کەنەدەبو وابن

تۆ
تۆهێندە بەشەقامەکانی لوت بەرزیدا گوزەرت کرد
تاکەوتیتە بەرتانەو تەشەری ئاشقان
ئەوەندە
بەلای گوڵدا ڕۆیشتی و سلاٌوت لێنەکرد
تاگوڵ گریاو پەپولوش نەفرەتی لێکردیت
زۆر لەبەردەم ئاوێنەکاندا وەستایت و سلاٌوت بۆ
جوانی خۆت نارد
تائاوێنەش نزای لێکردیت
پێم نەوتیت ڕازی دڵت بۆشەپۆلی هیچ
دەریایەك دەرمەبڕە
ماسیەکانی ئەم دەڤەرە نامۆن بەتۆ
تۆ لەکێڵگەی ئەم دڵە بێنازەی مندا نەبێت
ناتوانیت لەهیچ شوێنێکی تری دنیادا تەنها
سەرخەوێکیش بشکێنیت
خەیاڵ
پیاڵەیەك چام بەدەستەوەبوو
هاتی و لەلامان دانیشتی سەیرت کردم و سەیرم کردی
دەمت هێناو دەمم هێنا بەلاٌم بەرلەوەی ماچت
کەم لەبەر پێما شکا پیاڵە
کاتێك کەسەیری پیاڵەم کرد
ئینجاکە زانیم خەیاڵە

چەتر

پێم ووت کیژێ خۆشم ئەوێیت ووتی منیش

ووتم دەئەو لێوانەت بێنە باماچی کەم

ڕەنگی زەردبوو ووتی نەخێر

بڕیارم دا ببمە باران هەتا بەسەریدا ببارێنم و

بەووردە ماچەکانم گۆنای تەڕکەم

کەچی لەوەش بێ هیوابووم

چونکە ئەو ڕۆژانەی کەمن ئەباریم کیژێ

چەترەکەی هەڵدا بوو

ئالاَ

لەیاسەوڵەکانی بەردەم دەرگای گومانم پرسی

کەی ئەو خەونانە دەبن بەڕاست

کەتیایدا گوڵ سوسجدە بۆجوانی

ئەباو جاوانیش بەجوانی جۆی ئامێزی بۆدەکاتەوە

بزەیەکی کردوو ووتی

ئەودەمەی بوینە خاوەنی ئالاَ

## پرسیار

لەمامۆستای ئەحیام پرسی بۆنێوانی پەنجەکانم
هێندە پانە
ووتی تابەئاسانی بتوانی بیجولێنی
وەڵامەکەی نەیتوانی بڕوام پێبێنێ
بەناچاری لەکیژۆڵەیەکم پرسی
ئەرێ کیژێ بۆنێوانی پەنجەکانم بۆهێندە پانە
کیژێ وەستاو سەیری کردم
وەڵامم بەرەوە کیژێ بەزەیت پیاما بێتەوە
توند دەستی خستە ناو دەستم و پەنجەکانی
گوشیم ووتی
تاجێگەی پەنجەکانی منی تیا بێتەوە

ڕوانین
ئەم ئێوارە گەر وەك بیابانێکی وشك و بێ ئاو
لێم دەڕوانیت
من شەپۆلە هێمنەکانی دەریات پێ ئەناسێنم
ئەم ئێوارە گەر وەك پایزێکی گەڵاخەزان لێم
ئەڕوانیت
من
بەهارێکی پڕلەگوڵت پێشکەش دەکەم
ئەم ئێوارە گەر وەك قەرەجێکی بێ وڵات لێم
ئەڕوانیت

من پێت ئەڵێم وەك مرۆڤێك كە هەمیشە

تامەزرۆم لەگەڵتا

بژیم

# تۆ دوایین وێستگەی عەشقمی
# ماڵی دڵم بۆتۆ

ئامانجی ئێمە لەژیاندا دەبێت ئەمەبێت فێربوونی عەشق
پاولۆ کۆیلۆ

تۆ ئەی مەعشووق چلۆن لەماڵو دڵو عەشقە گەیت
چوانەیەکت هەیە بۆتەنیایی
لەکام دەروازەوە ئەڕوانیتە ژییان
فەلسەفەی کام تەری قەتت ئەزبەر کردووە
ڕێگاکان هەموویان ئەچنەوە سەریەك
تۆ لەکام سەفەر هاتوویتەوەو
دەتەوێت چ جۆرە گوڵێك لەباخچەی دڵتا بڕوێنی
لەکام کانیاودا دەست نوێژێکو
لەسێبەری کام درەختا
سەرخەوێکی ماندوێتیت شکاندووە
هابچپێنە بەگوێچکە مدا
من تەنها لەتەسێ وێکموتۆش لەتەکەی تری منی
هاوژینەکەم
گەرناتوانی هەناسە خنکاوەکانم
بەفرمێسکی چاوەکانت لەمردن ڕزگارکەی
پێت ناکرێ ڕۆحی هەلاهەلا بووم لەشعرێکا بلاوێنی
لێ ناگەڕێی جەستەی ماندووم
لەناو دارستانی پرچەکانتا خەوێك بۆپشودان ببینێ

گەر ناتوانی خۆزگە ووردو خاشەکانم لەناو ڕۆمانێکا
کۆکەیتەوە لێم گەڕێ
با ئەو دڵەی داومە بەتۆ
لەگەرمای بیابانێکدا برسێتی سەگەڕەشێکی لێتێربێ
ئاخر ئەی دۆست
تۆ کەهەرگیز چەترەکەت لانا بەیت چلۆن لەزمانی من و باران ئەگەی
کەهێندە سەرسامیت بەئاو
بۆجارێ دەستت لەپولەکەکانی ماسی نەدا
کەی لەپەڕەکانی گوڵێك ووردبویتەوە هەتا بزانیت جوانە
چلۆن دەزانی باڵی پەپولە ناسکە
تۆ کەهێندە شەیدای ئارامیت
کەی گوێت لەپارچە مۆزیکێکی جەوادی مەعروفی بووە
بچپێنە بەگوێچکەمدا ها
من تەنها لەتە سێوێکمو تۆ لەتەکەی تری منی
وەلێ جەغار
من بووم کوڕێکی شەرمنو
تۆش بویت کچێکی عادەتی
عادەتت بو بڵێی من عاشقم
کەچی وەك برێداکەی پاولۆ کۆیلۆ
نەت توانی تەنها جارێك بەدوای بەختەوەری دا بگەڕێیت
سەحەران لەخوێندنی کەناری تێنەدەگەیشتی
لەخۆڕا قەفەزی ناوژورەکەت پڕکردبوو
حاڵی نەدەبوی
لەهاژەی ئاو نەت ئەزانی بۆملی خۆی بەبەردەکانا ئەدا
نەزانانە ئەت وت شەپۆلەکانی چەند جوانە

هەرگیز لەڕۆمانسییەت تێنە گەیشتی و
ترسای لەماچ
عادەتت بو بەقەڵەمی سوراوەکەت
لەسەر ئاوێنەی ژوورەکەت بنوسی

بەختەوەری لەپێکەنیندیە
ئای چەن نە کوڕێکی نەزان بووم
لەدەرگای ما لی زۆر دڵمدا
لانەیەکم دەست نەکەوت بۆپشوودان
زۆرشۆخە کچ لەباخچەکەی دڵما گوڵیان ناشت
ووشکو بیٚ بۆن نایلۆن دەرچوو
تۆ پێکەنیتو جێت هێشتم
من گریامو دۆزیمیتەوەو ئامێزم پیکردی
ئێستا ئەی دۆست ئەچر پێنم بەگوێچکەتدا
عەشقوو ماڵوو دڵم بۆتۆ
بۆستەو مەڕۆ
من تەنها لەتەسێوەکەموو هەرتۆش لەتەکەی
تری منی

# من لەوێ بووم لەماڵی دڵێکی تەنیا

لەوێ بووم
لەماڵێك پڕپڕ لەمیهرو
لەماڵێك پڕپڕ لەعیشق و
لەماڵێك پڕپڕ لەژیان
ژیانە ما ڵمان پڕدەکات لەخۆی و لەتەنیایی
هەرژیانە بێ دەربەست لەم ماڵەدا ئەمان مرێنێ
ئای لەوێ
لەودیوو باخچەکانی دەریاوە
لەتەنیایی ماڵێکی ئاشنادا
لەسەر گوزەشتەی ئایەتەکانی عەشقم تیلاوە ئەکرد
ئەو دەمەی ئەم ماڵە پڕ پڕ بوو لەبۆنی تۆو
خاڵی خاڵی بوو لەجەستەت
ئەو کاتەی
پەپولە دەنگی لەباخچە دابڕێ و ئاشنابوو بەتەنیایی و
بڕیاری دا باڵە کانی لێبکاتەوە
بۆیەکجاری وازی لە فڕین هێنا
تا ئەو دەم
من چیرۆکی شەو لەبانە تەنیا کەم ئەخوێندە
ئەو چیرۆکەی نەنکم نەی توانی
تاکۆتا باسی بکاو
لەم ماڵەدا مردن چرکە چرکی کات ژمێرەکەی دەستی وەستان

**ئەو پێی وتم لەتەنیایی ئەم ماڵەدا شیعرت بۆ ژیان نوسیوە**

**من بەبێ وەستان پێم وت**
**ژیان ئارەزووی پڕلە عیشقی دوو کۆتری سپیە**
**بەرلەوەی دەنوکیان تێکەڵ بکەنوو بڕشێنەوە ناو دەمی یەکتر**
**ڕاوچیەك کۆتای بەخەونانەیان دنێ**
**ئەو گریاو بەجێی هێشتم**
**لەتەنیای ئەم ماڵەدا من**
**تاسەحەر دڵۆپێك ئەشکم بۆنەڕشت**
**چ دەربەستە دڵی من بەبێ ئەو**
**چ تەنیاییەکی ترسناکە ماڵی من**
**ئەی عەشق**
**تەنییایی دەستی لەگەردنی ئەم ماڵە ناوە**
**گەرتۆ نەیەیت دەی خنکێنێت**
**من دەمەوێت ماڵێك درووست کەم بەبێ ڕەنگ**
**تەنها ڕەنگی بەڕەنگی ئاو بچێ**
**پرچی هەبێ و لێوی هەبێ و دڵی هەبێ**
**چەند ڕقم لەتیشکی خۆرە ئەودەمەی کەدەیەوێت هەڵبێت**
**کەڵەشێرێك بەخەێندنی بێدەنگی ئەم ماڵە ئەشێوێنێت و تێکی ئەدا**
**لەم ماڵەی مندا**
**سەرۆك نیە**
**دز نیە**
**خیانەت نیە بێ وە فای نیە**
**ئاگر نیە چەقۆ نیە**
**تەپڵەکو جگەرە کێشان نیە**

چ جیاوازە ماڵی من بەتەنیا

چ تەنیایە دڵی من بەتەنیا

لەم ماڵە جگە لەبۆنی یاسەمین یەك کورسی هەیە

یەك پیاڵە

یەك دەست جل هەیە یەك شانە

یەك قەڵەم هەیە یەك کتێب

دووئینسان هەیە یەك دڵ

ژیان لەدەرەوەی ئەم ماڵە تامی هەنارێکی تاڵ ئەیا

لەم ماڵە

مۆسیقا هەیە سەما

دەنگی یاران هەیە ماچ

عیشق هەیە ژیان

لەم ماڵە

تەنیایی هەیە

مردن